ماموستا ناصری سوبحانی

نوێژ

حەقیقەت و حیکمەتەکانی



دەزگای ئەرقەم بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سوبحانی
چاپی سێیەم ١٤٣٤ك ٢٠١٣ز

زنجیرەی بەرهەمەکانی ماموستا ناصری سوبحانی



حەقیقەت و حیکمەتەکانی





دەزگای بەرهەم

بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سوبحانی

dazgaibarham@hotmail.com
www.facebook.com/DazgaiBarham



بابەت: نوێژ حەقیقەت و حیکمەتەکانی

نووسینی: م. ناصری سوبحانی

چاپ و دیزاین: ناوەندی ڕاگەیاندنی ئارا

نۆبەی چاپ: سێیەم - ٢٠١٣

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە ٤٩٥ ی ساڵی ٢٠٠٦ ی پێ دراوە



پێشەکی چاپی سێیەم



ئەم نامیلکە کورت و پوخت و بەپیتـە، بەشـێکە لـە کتێبە پڕ بەرەکەتەکەی (بەندایەتی)، لە ساڵی ٢٠٠٧ دا چاپی یەکەمی کراو، لە ماوەی کەمتر لە ساڵێك چاپی دووەمیشی کراو، نوسخەی لە ساڵی ٢٠٠٨ وە لـەبازاڕدا نەما.

ئێمە لـە دەزگـای بەرهـەم لەبـەر ئـەوەی بـەردەوام کتێبـــی (بەندایـــەتی)مان چـــاپ دەکـــردەوە، ئـــەم نامیلکەیەمان بەپێویست نەبینی، بەڵام دواتر دەرکەوت لاوان –بە تایبەتی قوتابییە بـە ئیمـان و دڵگەرمـەکانی زانکـۆ و پـــەیمانگاو ئامادەییـــەکان– بـــەردەوام داوای دەکـەن، بۆیــە ئــەم چـاپی سێیەمەیشـمان خســتەوە بەردەستی تامەزرۆیانی نوێژ.

خوێنەرانی خۆشەویسـت! ئـەم نامیلکەیـە تۆشـەی گیان و، ڕێنیشاندەری چوونە حزووری خوایە. تەنها بۆ

لاوان یان ئەو کەسانە نییە تازە فێری نوێژ دەبن، نەخێر، بۆ هەموومانە، هەموو ئەوانەی بەڵێنی بەندایەتیمان بە خودا داوە.

مامۆستا ناصر لەم نامیلکەیەدا فێرمان دەکات چۆن پێشوازی لە نوێژەکانمان بکەین، کە دەستیشمان کرد بە نوێژ چۆن دەست پێ بکەین و، چۆن تێی بگەین. کەواتە وانەو بیرخەرەوەیەکی چاکە بۆ هەموومان.

بەهیوای گەیاندنی بە هەموو خۆشەویستان

دەزگای بەرهەم
زستانی ٢٠١٣



پێشەکی چاپی یەکەم و دووەمی

دەزگای بەرهەم



نوێـژ یەکـەم پایـەی سـەرەکی ئیسـلامە، پێناسـی ڕاسـتێتی موسـوڵمان بـوونی مرۆڤـە، ڕێگـا و هۆکـاری پەیوەنـــدی بەســـتنی ڕۆژانـــەی نێـــوان عەبـــد و پـــەروەردگارە، هـــەل و فرســـەتی لـــەخوا پاڕانـــەوەو گەیاندنی داواکارییە گرنگەکانی مرۆڤە بەخوای خـاوەن و بـە دەسـەڵات، هـەروەها وێسـتگەی نوێکردنـەوەی دروشمـی بەندایـەتی و (دوپاتکردنـەوەی پەرسـتش) و (پشت بەخوا بەستن)ە..

مامۆسـتا ناصـری سـوبحانی یەکێکـە لـەو زانـا بلیمەتانەی لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا ئـەم واتایانـەی لـە نوێژەکانیـدا بەرجەسـتەکردبوو، بۆیـە لـە نووسـین و وانەکانیشیدا سەرکەوتووانە دەیتوانی قسە لەسەر نوێژ بکـات و، لـە کـەنار (حوکمەکان)یـدا، زۆر بـەجوانی (حیکمەتەکان)یشی باس بکـات.. ئـەم نامیلکەیـەی لـە

بەردەستی خوێنەری بەڕێزدایە بەشێکی سەرەکییە لە کتێبە ناوازەکەی (بەندایەتی)–لەسەر داوای هەندێ لە لاوانی دڵسۆز– بەجیا لەشێوەی ئەم نامیلکەیەدا دەیخەینە بەردەستی تامەزرۆیانی خواناسی، تا بەزێوەری وتەو واتا جوانەکانی پرۆسەی نوێژو چوونە میحرابی بەندایەتی، خۆیان بخەملێنن و، پەیمانی بەندایەتی ڕاستەقینە –کە ڕێگای سەربەرزیی ڕاستەقینەیە– لەگەڵ خوای خۆیان نوێ بکەنەوە.. بەهیوای ئەوەی دڵ و مێشکیان هاوەڵی خوێندنەوە بێ و، وەك ناوازەترین دیاری بیدەنە دەستە هاوەڵانیشیان.

دەزگای بەرهەم

پایزی ٢٠٠٧



پوختەیەك دەربارەی
حەقیقەتی نوێژ و حیكمەتەكانی



گەورەترین كردەوەیەك ئینسانی موسولمان دەبێ ئەنجامی بدا (نوێژ)ە. عیبادەتو بەندەیی مانای ئەوەیە ئینسان لە ژیانیدا بۆ ئەوەی بەرەو پێگەیشتن بڕوا، بۆ ئەوەی ئیسلاحی خۆی بكا، دەبێ بەپێی فەرمانی خوا لە نیعمەتو ئیمكاناتێ بۆی ئامادە كردووە ئیستیفادە بكا..

ئینسانیش كاتێ كە خۆی ناسیو زانی مەخلوقێكە ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی ئیسلاح ببێو بچێ بەرەو تەواوبوون. هەروەها زانیشی كە ئاسمانەكانو زەویو ئەوەی تیایاندایە هەمووی نیعمەتو ئیمكاناتن، لەبەردەستیا دانراون، بۆ ئەوەی كەڵكیان لێ وەرگرێ بۆ ئەو كارە، واتە: خوا ئەناسێ بەوە كە (رحمن و رحیم)ە، میهرەبانە، هەمیشەش رەحم ئەكا بە

بەندەکانی خۆی، ئەوەی کە پێویستیانە بۆیان ئامادە ئەکا، ئەوەی کۆسپو گرفتیشە لەسەر رێیان لای ئەبا.. دیارە بێهودە ئەم کارە ناکا، ئەوە کە ئینسانی دروست کردووە، بۆ ئەوەی بەرەو کەماڵ بڕوا، ئەو ئیمکاناتەشی لەبەردەستیا قەراڕداوە، تەنها هەر ئەوە نیە، حەتمەن رۆژێکیشی داناوە بۆ ئەوەی لە ئینسان پرسیار بکا: کەچی کردووەو چی نەکردووە؟

کەوابوو خوای گەورە خاوەنی دواڕۆژیشە، خاوەنی رۆژێکە ئینسان جەزای کردەوەی خۆی وەرئەگرێتەوە. کاتێك خوا ئاوا ناسرا کە (رحمن) و (رحیم) و (مالك یوم الدین)ە، ئیتر دەروونی ئینسان –ئەو ئینسانەی ئاوا ئەیناسێ– پڕ ئەبێ لە (ئومێد)و لە (ترس) بەرامبەر خوای گەورە . ئەوەش هەڵی ئەنێ بۆ ئەوەی پەیمانی بەندەیی لەگەڵ خوا ببەستێ، بۆیە ئیتر روو دەکاتە خوای خۆی و دەڵێ: ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ ﴾ .. دیارە لەبەر ئەوەی کە ناتوانێ یەك هەنگاو بەبێ کۆمەکی ئەو هەڵگرێ، داوای کۆمەکیشی لێ ئەکا، پەنای پێ ئەباو هاواری لێ ئەکا، کە بێت بە هاواریەوەو کۆمەکی بکا،

بۆ ئەوەی بتوانێ عیبادەتو بەندەیی بکا، بۆیە پاش ئەوە دەڵێ: ﴿ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴾.

جا لەبەرئەوەی ئینسان سەری لێ نەشێوێ لە هاوار کردنو داوای کۆمەك کردنا، لەبەرئەوەی هەرکەس بە مەیلی خۆی ڕێگایەك بۆ خۆی هەڵنەبژێرێ، یەکێ بە هەڵسانەوە، یەکێ بە دانیشتن، یەکێ بە ڕاکردن، یەکێ بە خولان بەدەوری خۆیا، یەکێ بە مات بوون، یەکێ بە قاڵ کردن، هەرکەس بە جۆرێ دەست نەکا بە هاوارکردنو داوای کۆمەك کردن، بۆ ئەوەی ئەوە روونەدا، خوا خۆی بەڕەحمەتی خۆی، باشترین چەشنی دوعاو پاڕانەوەو هاوارکردنی بۆ ئینسان دیاری کردووە، ڕۆشنی کردۆتەوە کە چ جۆرە هاوارکردنو دوعاکردنو پاڕانەوەیەك لە گشت جۆرەکانی تر باشترە، واجبی کردووە لەسەر ئینسان کە ئاوا بپاڕێتەوە، ئەو پاڕانەوەیەش کە لە هەرچی دوعاو پاڕانەوەی ترە باشترە، نوێژە.

نوێـژ عەرەبیەکـەی (صـلاة)ە . (صـلاة) بـە واتـای دوعاو پاڕانەوەیە، داوای شتی باشکردن، لە خواکۆمەك خواستن، بۆ ئەوەی کۆسپو گرفت لەسەر ڕێ لاببا.

کاتـێ ئینسـان بڕیـار ئـەدا ڕێگـای بەنـدەیی خـوا، ڕێگای ئیمانو عەمەڵی صالح، بگرێتە بەر، چارەی نیـە غەیری ئەوەی لە خوا داوای کۆمەك بکا، جا خوا خـۆی فەرموویەتی بەو جۆرە داوای کۆمـەکم لێ بکـەن (نوێـژ بکەن).

جـا لەبـەر ئـەوەی بەنـدەییو عیبـادەت بـە دوعـاو پاڕانەوەیە، لەبەرئەوە یەکەم کردەوەیەك کە ئینسـانی (مۆمن) ئەبێ ئەنجامی بـدا نوێـژە.. بۆیـە هەمیشـە لـە هەموو کتێبەکانی خوای گـەورەدا، لـە زەمـانی هـەموو پێغەمبەرەکانی خـوادا (علـیهم صـلوات الله وبرکاتـە)، نوێژ فەرزو واجب بووە لەسەر مونمینەکان .

ئیتر لەهەر زەمانێکا چۆن بووە؟ ئەوە گـرنگ نیـە، بەڵام ئەوەندە یەقینە قورئان باسی ئەکا کە لە هـەموو دەورو زەمانێکـا نوێـژ هـەبووە، هـەر بـەو بۆنەیشـەوە لەسەرەتای ئەو زەمانەوە کە قورئان هاتە خوارەوە –

هـەر لـە (مەککـە)دا – دەسـتوری نوێـژکردنیش هاتـە خـوارەوەو فـەرزکرا لەسـەر پێغەمبـەری خـواو لەسـەر موئمینەکان کە نوێژ بکەن

ئەڵبەتە نەبەو شێوەیە کە ئێستا هەیە، ئەمە دواتـر وای لێ هاتووە بەڵام لە پێشا دوعـاو پاڕانـەوەو نوێـژ بە چەند چەشن‌و شێوەیەك هەبووە، هەر لە سـەرەتای دەعوەت‌و بانگ کردن بـۆ ڕێگـەی خـواوە، پێغەمبـەری خوا خەریکی نوێژو دوعاو پاڕانەوە بووە..

شـتێکی زۆر ڕوونـە نوێـژ –کـە دوعایـە– لازمـەو پێویسـتە بـەر لـە هـەر کـردەوەو کـارێکی تـر ئـەنجام بدرێ بەبێ نوێـژ ئینسـان نـاتوانێ ڕێگـای بەنـدەیی خوا بگرێ

لەبـەر ئـەوە پێویسـتە لەسـەر موسـوڵمان دوای ئەوەی ئیمان‌و باوەڕی دروست بـوو –وەك بـاس کـرا– دوای ئەوە کە ئەیەوێ دەسـت بکـات بـە ئـەنجام دانـی کردەوە چاکەکان، پێویستە لەسەری پـێش لـە هـەموو شـت بزانـێ نوێـژ چـیەیە؟ پاشـان نوێـژ بکـا، هـەر لـە ئێستایشەوە بڵێین کە نوێژێك نوێژە ئینسان لێی حاڵی

بێو بزانێ چی ئەکا؟ چی دەڵێ؟ بەبێ لێحاڵی بوونو بەبێ دەرککردنی مانای نوێژ، کەڵکی وای لێ نابێو ئیستیفادەی وای لێ ناکا، بەداخەوە ئەو کردەوە گەورەیە، ئەو شتە گرنگە، زۆربەی موسوڵمانان بەبێ ئەوەی فەهمی ماناکەی بکەن، بەبێ ئەوەی بزانن چیە؟ ئەنجامی ئەدەن. بۆیە زۆر ئیستیفادەی نەبووەو نیەتی ..کەسی وا هەیە هەشتا ساڵە نوێژ ئەکا بەڵام ئەخلاقو خوو رەوشتە نالەبارەکانی هەر ماون، هەر بەوەشەوە ئەمرێ .. کە ئەگەر نوێژی بە دەرکو فەهمەوە بکردایە، بیزانیایە چی ئەکا، حەتمەن ئاوا نە ئەبوو.. خوا ئەفەرموێ:

﴿إِنَّ الصَّلاةَ تَنْهى عَنِ الفَحْشاءِ وَالمُنْكَرِ﴾ واتە: بە دڵنیایی نوێژ ئینسان مەنع ئەکاو ئەیگێڕێتەوە لەهەرشتێ کە ناپەسەندەو مونکەرو رەدکراوەیە.

دەی کەسانێ کە زۆر زۆر نوێژ ئەکەنو دوای ئەوەیش هەر کردەوەی ناپەسەند ئەنجام ئەدەن، دیارە ئەوە نوێژەکەیان نوێژ نەبووە . پێویستە لەسەر هەر موسوڵمانێ کە ئەتوانێ ئەم راستییە رۆشن

کاتەوە بۆ خەڵکی، مانای نوێژیان پێبگەیەنێ، بۆیان باس بکا.

باس بکا کە (قیام)و وەستان لە حزوری خوادا بۆچییە؟ (رکوع)و چەمینەوە بۆچییە؟ (سجود)و کڕنووش بردن بۆچییە؟ (دانیشتن) لە تەشەهوددا بۆچییە؟ سورەتی فاتیحە بۆ ئەخوێنرێ؟ مانای چییە؟ (تحیات) بۆ ئەخوێنرێت‌و مانای چییە؟ هەروەها هەر شتێکی تر کە لە نوێژدا ئەنجام ئەدرێ، چییە‌و بۆچییە؟ فەرزە لەسەر هەر موسوڵمانێکیش پێش لەهەر شتێکی تر هەوڵ بدا بۆ ئەوەی مانای نوێژ فێر ببێ‌و، بزانێ نوێژ چیە؟ بە زانینەوە نوێژ ئەنجام بدا.. ئەوانەش کە منداڵیان هەیە‌و ئەیانەوێ منداڵەکانیان فێری نوێژ ببن، با ئەوە بزانن کە واجبە لەسەریان لە پێشا نوێژەکەیان پێ فێر بکەن، مانای نوێژەکە، حەقیقەتی نوێژەکە. جا ئەو کاتە پێیان بڵێن نوێژ بکەن، ئەگەر بە دوو ساڵیش فێری مانای نوێژەکە بووە با بکەوێتە دواوە ئەوسا نوێژ بکا..

خـوا ئەفـەرموێ: لـەکاتێکا حەواسـتان جـەم نیـەو هۆشتان بە خۆتانەوە نیە، نازانن ئەگەر نوێژ بکەن چی ئەڵێن، حەقتان نیە نزیکی نوێژ بکەونەوە:

﴿لاَ تَقْرَبُواْ الصَّلاَةَ وَأَنـتُمْ سُكَارَى حَتَّـىَ تَعْلَمُـواْ مَـا تَقُولُـونَ﴾. عالمـەکان لــە تەفسـیرەکانیاندا باسـیان کردووە: ئەمە بۆ ئەوەیە هەرکەسێك لـە حاڵـەتێکا بـێ کە هۆشی بەلای نوێژەکـەوەو بـەلای ئـەو شـتانەوە لـە نوێژەکـەیا ئـەیانکا و ئـەیانڵێ، نـەبێ، ئیجـازەی نیـە نزیکی نوێژ بکەوێتەوە .. چ کەسێ کە مەستی شـەراب بێ، چ کەسێکی تر کە حەواسـی جـەم نـەبێ‌و، هۆشـی لەسـەرخۆی نـەبێ .. هەرچـۆنێك بـێ تـەنها لـەکاتێکا جائیزەو دروستە ئینسان نزیکی نوێـژ بکەوێتـەوە، کـە هۆشـی بەخۆیـەوە بـێ، بزانـێ چـی ئـەکاو چـی ئـەڵێ. دیـارە کەسـێ مانـای نوێژەکـە نـەزانێ لـە مەسـتیش خراپترە ..

حاڵی ئینسان و حەقیقەتی نوێژ:

جا با باس لەوە بکەین کە حەقیقەتی ئەوشتانەی لە نوێژدا ئەنجام ئەدرێن چین و چۆنن؟ ئینسان ئەبێ بە چ حاڵێکەوە خەریکی نوێژکردن بێ ؟

ئەوە بەرەبەیانە، فەجر بووە، نوێژی بەیانی هاتۆتە پێشەوە، قەرارە ئینسان بەوەی زانیبێت کە رۆژ دەستی پێ کردووەو، لەخەو خەبەری بووبێتەوە.. کە لەخەو خەبەری بوەوە ئەبێ بیری ئەوە بکاتەوە ئەوا رۆژێکی تر دەستی پێ کرد، ئەم ئینسانە کە بەندەی خوایە دەبێ ئەمڕۆیش وەك رۆژانی تر بەندەیی بۆ خوا بکا، یا ئەگەر یەکەم رۆژی بەندەیی‌یە دەبێ دەستی پێ بکاو خەریکی عیبادەتو ئیتاعەتو فەمانبەرداریی خوا بێ.. ئا ئەوە یەکەم شتێکە کە دەبێ بە دڵی ئینسانا بێت، کاتێك کە خەبەری دەبێتەوە و لەخەو هەڵدەستێ.

دیارە ئەم بەندەیی‌و ئیتاعەتە بەبێ پاڕانەوەو دوعا ناکرێ، بۆیە دەبێ بە شوێن ئەوەدا زوو لە بیری ئەوەدا بێ کە بڕوا لە خوا بپاڕێتەوە، دوعا بکات، نوێژ

بکات، که خوا کۆمەکی بکات بۆ ئەوەی بتوانێ بەندەیی بکات..

جا هەڵئەسێو ئەڕوا.. بەڵام نەك هەروا بەشل و شێواوی، بەبێ ئامادەنەکردنی دیمەنی دەرەوەی، یان ئامادەیی دەرونیی. نەخێر، ئەبێ بڕوا ئەگەر پیسییەکی پێوەیە لای ببا، خۆی پاك بکاتەوەو لیباسی جوان بکاتە بەری. جێیەك کە قەرارە بەسەریەوە نوێژ بکا پاكو تەمیز بێ، هەروەها چۆن ئینسان ئەڕواتە مەجلیسێك، نایەوێت لەو مەجلیسەدا ناموحتەرەم بێتو خەڵك بەچاوی سووك تەماشای بکەن، دەستێك ئەهێنێ بەسەروو رووی خۆیاو دەمو چاوی ئەشواو، خۆی پاکوخاوێن ئەکا..

بۆ نوێژیش ئەبێ بڕوا دەمو چاوی بشوا، دەستەکانی تا ئەنیشکی بشوا، دەستێ بکێشێ بەسەریا، سەری ئەگەر تۆزو شتی پێوەیە بەو دەست بەسەرا کێشانە پاکی بکاتەوە.. پێیەکانی تا قاپکی بشوا، دوای ئەوە بڕوا ڕوو بکاتە ئەوماڵەی خوای گەورە لە زەویدا قەرارو دەستوری داوە کە بینا بکرێ

بـۆی، ئـەوە وەك پایتـەختی خـوای گەورەیـە لەسـەر زەوی، چـونکە خـوا حـاکمو فـەرمانڕەوای ئینسـانە، ئـەوەش پایتەختەکەیـە، جـا ئەگـەر ئینسـان ناتوانـێ لەگەڵ خوای خۆیدا ڕووبـەڕوو ببـێ –چونکە نایبینـێو ئەو وەك حاکمێك لە حاکمـانی بەشـەری نییـە –بـا ڕوو بکاتە ئەو ماڵـە– ڕوو بکاتـە ئـەو پایتەختـە، هـەر وەك چـۆن ئەوانـەی وا بەنـدەی حاکمـەکانن ڕوو ئەکەنـە پایتەختەکانیانو ئەیانکەنە قیبلەی دڵی خۆیان .. (بلا تشبیه، ولله المثل الأعلی).

با ئینسانێ کە بەندەی خوایە ڕوو بکاتە پایتـەختی خوای گەورە –کە کەعبەیـەو وا لـە مەککـەدا– ڕوو بـە ئەوێ بوەستێ. جا هەرکات کاتی نوێژ هاتـە پێشـەوەو خۆی ئامادە کرد، بە دەستو دەمو چـاو شـۆردنەکەی –بە دەست نوێژ گرتنی– و پاش کردنە بەری پۆشاکی جوان و پاك و، پاکبوونی لاشـەو جـل و بـەرگ و جێـی نوێژەکەی، ئەوجا ڕووی ئەکاتە کەعبەو ماڵەکەی خـوا، بەو جۆرە هەم ڕووی دەرەوەیو هەم ناوەوەی ئامـادە دەبێ بۆ ئەوەی دەست بکات بە نوێژ کردن.

مانای حەقیقی (الله أكبر)



دیارە گومڕاییو ئینحرافی زۆرێك لە خەڵك ئەوەیە کە غەیری خوایان کردووە بە فەرمانڕەواو فەریادڕەسی خۆیان، ئەوەش کە ئەبێ بە کۆسپ لەسەر ڕێی ئینساناو ناهێڵێ بەندەیی موخلیسانەی خوا بکا، ئەو فەرمانڕەواو دەسەڵاتدارە زاڵمانەن. هەروەها ئەوانەی وا سەر لە خەڵك ئەشێوێننو، خۆیان ئەکەن بە واسیتەو وەسیلە لە بەینی خەڵكو خوادا، جا بۆ ئەوە کە ئینسان لە دەست ئەوانە رزگاری ببێ، ئەبێ بەیادی خواوە دەست پێ بکا، بە سکاڵاو دوعاو نوێژکردن. چۆن؟

سەرەتا بیری ئەوە بکاتەوە ئەم خەڵکەی وا سەریان لێ شێواوە ئەچن بەندەیی بۆ ئەو تاغوت و حاکمە زاڵمانە ئەکەن، ئەوانەی سەریان لێ شێواندوون، ئەمانە کردوویانن بە فریادڕەسی خۆیان، لەوانەی وا درۆزنن و بەناحەق خۆیان ئەکەن بە واسیتە لە بەینی

خەڵكو خوادا. بیری ئەوە بكاتەوە خەڵكی وا ئەزانن ئەمانە دەسەڵات و گەورەیی‌یەكیان هەیە بۆیە كەوتوونەتە شوێنیان.

دەی ئەمیش كە رووی كردە خوا بیری ئەوە ئەكاتەوە كە خوا گەورەترە لەوانە، گەورەترە لە هەرچی حاكمو دەسەڵاتدارە، گەورەترە لە هەركەسێك خەڵكی وا ئەزانن دەسەڵاتێكی هەیە -بە فەرزی ئەوەیش كەسێكی تر غەیری خوا دەسەڵاتی ببێ- خۆ خوا دەسەڵاتدارترو گەورەترە، بیری ئەمە ئەكاتەوە، ئیتر ئەوان لە بەرچاوی ئەكەون، لە بەرچاوی ون ئەبنو هەر خوایە كە حازرەو رووی دڵی هەر لەو ئەبێ، هەموو شتێكی جێ هێشتووەو رووی كردۆتە خوا. جا ئیتر ئامادەیە بۆ ئەوەی نوێژ بكاو بپاڕێتەوە، وەك ئەفەرموێ: ﴿وَذَكَرَاسْمَ رَبِّهِ فَصَلَّى﴾ ئەم ئایەتە بەیانی خۆشبەختی كەسێ ئەكا دوای ئەوە كە حەرەكەتی كردووە بەرەو كەماڵو عەزمی گرتووە رێگای بەندەیی خوا بگرێ ئیمانی هێناوە، پاش ئەوە یادی خوا ئەكا، جا دەست دەكات بە دوعا كردنو پاڕانەوەو نوێژ

کردن، سەرەتا ئەڵێ: (الله أكبر)، بیری ئەوە ئەکاتەوە ئەبێ نوێژێك بکا (نوێژی فەرزی ئەو بەیانی‌یە وەك نموونە). ئەڵێ: (الله أكبر) خوا گەورەترە، ئەگەر حاکمێك، دەسەڵاتدارێك گەورە بێ، هەرچی بێت، خۆ خوا گەورەترە. کەوابوو هەر حاکمو دەسەڵاتدارێکی تر ئەبێ ون ببێتو لە دڵ دەرکرێ، چونکە وەختێ خوا گەورەترە ئەبێ ئینسان هەر رووی دڵی لەو بێت.

دوای ئەوە کە وتی: (الله أكبر) خوا گەورەترە، ئینجا دەست ئەکا بە دوعاو سکاڵا.. دیارە بۆ ئەوەی بەشێوەی باشتر دوعاو سکاڵا بکا، خوا خۆی چەند کەلیمەیەکی داناوە تا ئینسان بەوانە دوعا بکا، کە بریتی‌یە لەو سورەی (فاتیحە)یەی مەشهورەو هەموو کەس خەبەری لێی هەیە، لە: ﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم﴾ تا ئەکاتە ﴿غَيْرِ المَغْضوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضَّالِّين﴾. ئا ئەوە گەورەترین دوعایەکە خۆی لە قورئانا ناردوویەتی بۆ ئەوەی بەندەکانی بەوە دوعا بکەنو بپاڕێنەوە و سکاڵا بکەن .. لەوەش گەورەترو باشتر ئینسان ناتوانێ دوعا بکا..

کورتەیەك لە مانای
سورەتی (الفاتحة)

جا لەبەر ئەوەی بە قورئان خوێندن دەست پێ ئەکا، پێش لەوە ئەبێ نوێژخوێن پەنا بە خوا ببا لەدەست هەر شەیتانو هەر کۆسپێك، تا بتوانێ بە جوانی سکاڵاو دوعاکەی بکا. کەسانێك کە خوێندەوارن شتی تر هەیە کە پێش لە ﴿أعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَجيم﴾ بیڵێن، کە سوننەتەو ئەگەر کەسێك ئەوەش نەڵێت قەیناکا، بەڵام ئەوە واجبە کە لە دڵەوە رووی کردبێتە خوا، هەروەك کەسێك ئەڕوا بۆ سەفەرێك ئیتر هەر بیری وا بەلای سەفەرەکەوە و، لەهەموو شتێکی تر -لە ماڵو لە مناڵو لە هەموو کەس- غافڵە، چونکە ئەڕوا بۆ سەفەر، نوێژخوێنیش ئەبێ ئاوا رووی هەر لە خوا بێ، لە هەموشتێکی تر روو وەرئەگێڕێ. جا دەست پێ ئەکاو ئەڵێ: ﴿أعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَجيم﴾ واتە: پەنا ئەبەم بە (الله) لە شەیتانێك کە لە

رەحمەتی خوا دەرکراوەو دوورخراوەتەوە. جا لێرەدا مەبەست تەنها شەیتانە گەورەکە -واتە (إبلیس)- نیە. بەڵکو هەر مەخلوقێك موزاحیمی ئینسان بێ، نەهێڵێ ئینسان بەندەیی خوا بکا، نەهێڵێ ئینسان بە جوانی دوعاو سکالاّو نوێژ بکا، ئەوە شەیتانەو دوورە لە رەحمەتی خوا. جا کاتێ ئینسان پەنا ئەبا بە خوا ئیتر نەجاتی ئەبێ لە دەست ئەوانە..

جا یەکە یەکە ئەم کەلیمانە ئەوترێن، ئەبێ لە ماناکەیان وردبینەوە، هەرکەسێ کە نوێژ ئەکاو هەر کەلیمەیەك لەمانە ئەڵێ ئەبێ مەعناکەی بێت بە دڵیا.. ﴿أَعُوذُ بِاللهِ مِنَ الشَّيطانِ الرَجيم﴾ پەنا ئەبەم بە (الله) لە شەیتانێ کە لە رەحمەتی خوا دوور خراوەتەوە.

کاتێك ئەمەی وت مەعناکەی بێت بە دڵیا، جا ئەگەر نەیتوانی لەگەڵ وتنی کەلیمەکە مەعناکەی بێ بە دڵیا، دوای ئەوە تۆزێ بوێستێو بیر لە مەعناکەی بکاتەوە. دوای ئەوە ئەڵێ :

﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم﴾ بۆ ئەویش تۆزێ ئەوەستێ، مەعناکەی دێت بە دڵیا، جا ئەڕوات بۆ

کەلیمـەی دوایـی .. هـەروەها تـا ئەوەنـدەی مـەعنای کەلیمەکان لـە دڵیـدا جـێگیر ئـەبێ .. دوای ئـەوە ئـیتر ئەتوانێ هەرلەو کاتەدا کـە کەلیمەکـە دێـت بـە زمانیـا، مەعناکەیش بێت بە دڵیا.

بۆ کەسێکیش کە ئیمامەت بکات، باشتر ئەوەیە لـە جێی ئەوە (أعوذ بالله) بڵێ (نعـوذ بـالله) بڵێـت، واتـە: هەموومان پەنا ئەبەین بە (الله) لە شەیتانی رەجم کراو و دوورخراوە لە رەحمەتی خوا..

دوای ئـەوە دەسـت ئـەکا بـە خوێنـدنی سـورەی فاتیحـە. دیـارە ئینسـان هـەرکارێك ئـەکا ئـەبێ بـە کۆمـەکی خـوا بیکـا، خوێنـدنی سـورەی فاتیحـەیش کارێکە، ئەبێ ئینسان بە کۆمەکی خوا بیکـا، مەعلومـە ئینسان نە سوودێکی دەست ئەکەوێ، نـە لـە زەرەرو زیانێ نەجاتی ئەبێ، ئەگەر خوا کۆمەکی نەکات..

جـا کـە ئەیـەوێ لێـرەدا سـوودو نـەفعێکی دەسـت کەوێو، لە زەرەرو زیان دوورکەوێتەوە، ئـەبێ لـە خـوا داوای کۆمەك بکا، بۆیە ئەبێ لە سەرەتاوە بڵێ: بِسْمِ

اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم: بەناوی (الله)، میهرەبانی بە ڕەحم، دەست ئەکەم بە خوێندنی ئەم سورەتە..

پێشتر وتمان: (رحمان) واتە ئەوەی خوا هەموو زاتی رەحمەتو میهرەبانیە. (رحیم)یش واتە: هەمیشە خەریکی رەحم کردن و سوودگەیاندنە بە خەڵكو، زەرەرو زیان لەسەر رێگایان لا دەبا.

جا کە ئەڵێ ﴿بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحيم﴾ یادی ئەو خوایە ئەکاتەوە کە هەرچی رەحمەتە لە لای ئەو هەیە. هەر ئەوە سوود ئەگەیەنێ، هەر ئەوە زەرەر و زیان لا ئەبا .. جا کە ئەوەی وت، ئیتر ئومێد پەیدا ئەکا بەوەی لە خوێندنەوەی سورەتەکەدا و لە دوعاکردنەکەیدا سوودی دەست کەوێ و لە زەرەرو زیان رزگاری ببێ، سوودیش ئەوەیە کە بگات بە خۆشبەختی، زەرەر و، زیانیش ئەوەیە کە تووشی غەزەبی خوا ببێو بەرەو گومڕایی بڕوا.

﴿الحَمْدُ للهِ رَبِّ العالَمين ﴾ واتە: ستایش و قەدردانی بۆ خوایەك کە خاوەنی خەڵکە (خاوەنی هەموو جیهانییانە). بۆ ئەوەی مانای (ستایشو

قەدردانی) ڕۆشن بێ ئەبێ ئینسان بەوە بزانێ کە هەر خوا ئەتوانێ سوود بگەیەنێو هەرئەویش زەرەرو زیان لا ئەبا، تەنها ئەو بەو زاتە بزانێ کە دەسەڵاتی هەیەو سەرەنجامی ئینسان لە دەستیایەتی، هەر ئومێدی بەو ببێت، هەر ترسی لەو ببێت، هەر فەرمانبەرداریی بۆ ئەو بکا، هەر داوای کۆمەك لەو بکا، ئا ئەمانە هەمووی بەیەکەوە ئەبنە ستایشو قەدردانی. دیارە هەندێکی بە دڵە، هەندێکی بە زمانە، هەندێکیشی بە ئەعزای بەدەنە، بەکردەوەیە، کە هەموو ژیانی ئینسان ئەگرێتەوە. ستایشو قەدردانیی بۆ (الله) لەبەرئەوەی کە خاوەنە، لەبەر ئەوەی ئەو شتانە لە دەستیایەتی ئەبێ قەدردانی لێ بکرێو، ئێمەش ئاوا بیناسین، ئاوا بکەین کە لێی داوا کردووین. جا پاشان خوای گەورە خۆی ئا ئەمە ڕۆشنتر ئەکاتەوەو ئەفەرموێ:

﴿الرَّحْمنِ الرَّحيم﴾ واتە: میهرەبانی بە ڕەحم. ئەوەی هەموو زاتی رەحمەتە، هەر قازانجو سوودێك تەنها بەدەس ئەوەو ئەو ئەیگەیەنێ، هەر زیانو زەرەرێك لە دەس ئەودایەو، ئەوە کە لای ئەبا.

﴿مالِكِ يَومِ الدِّين﴾ واتە: داراو خاوەنی ڕۆژی جەزایە. دوای ئەوە کە هەرچی سوودە ئەیگەیەنێو هەرچی زیانە لای ئەبا، دیارە ڕۆژێکیشی داناوە بۆ ئەوەی ئینسان زیندوو بکاتەوەو لێی بپرسێو موحاکەمەو موحاسەبەی بکا، چۆن بووە، بەپێی ئەوە جەزای بداتەوە . ئەگەر ئیمانو عەمەلی صالحی بووە، جەزای خێر، ئەگەر کوفروکردەوەی ناپەسەندیشی بووە، جەزای شەڕی بداتەوە.

﴿مالِكِ يَومِ الدِّين﴾ واتە: خاوەنی ڕۆژی جەزا و پاداشت. کاتێ کە گەیشتە ئێرەو دڵی پڕ بوو لە ئومێدو لە ترس، جا ڕوو ئەکاتە خوا. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە ئەبێ کاتێك ئینسان ئەم سورەتە ئەخوێنێتەوە ئیحساسی ئەوە بکات کە بەندە موخلیسەکانی تریش وان لەگەڵی، هەروەك ئەوە کە لە جەماعەتێکدا، لەگەڵ چەن نەفەری تردا ئەزانێ کە ژمارەیەك وان لە دەوری و، پێکەوە خەریکی دوعاو سکاڵانو، دەستە جەمعی خەریکن دوعا ئەکەن، هەروا ئەگەر خۆیشی تەنها بوو هەر لەبیری نەچێ کە بەندەی

سـالّحی تـریش هـەن، ئـەوانیش هـەر خـەریکی دوعـاو پاڕانەوەن، وا هەسـت بکـا کـە وا لەگـەڵ ئـەوان. بۆیـە لێرەیشـا بـەم چەشـنە دوعاکـە هـاتووە کـە ئێسـتا دەرئەکەوێ بۆمان، ئینسـان خـۆی تـەنها نیـە، لەگـەل جەماعـەتی بڕواداراندایـە کـە خەریکـە سـکالاَ ئـەکاو ئەپاڕێتەوە.

﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ واتـە: تـەنها بـۆ تـۆ بەنـدەیی‌و فەرمانبـەرداریی بـێ غەل‌وغـەش ئەکـەین، تەنها لـە تـۆش داوای کۆمـەك ئەکـەین. ئـەوە کورتـەی مانای دووکەلیمەی (عبادة) و(إستعانة)یە کە پێشتر بـە باشی روون کرانەوە.

جا دوای ئەم شـتانە کـە بـۆی رۆشـن بـوەوە ئەمـە رێگای راستە، لەگەڵ ئەو بەندە موخلیسـانەی تـر، روو ئەکاتە خوای گەورە و، بەیەکەوە هاوار ئەکەن لـە خـوا کە هیدایەتیان بداو رێنوماییان بکا، بۆ ئـەوەی بکەونـە سـەر رێگـە راسـتەکە، یـان ئەگـەر وان لەسـەری هیدایەتیان بدا بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی تریشیان لەوەو دواتر هەر لەسەر رێگای راست بێ‌و لێی لا نەدەن.

﴿إِهْدِنا الصِّراطَ المُسْتَقيم﴾ واته: ڕێنماییمان بکه بۆ ڕێگه ڕاستهکه. ئهو ڕێگهیهی ئینسان ڕهحهت پیایدا ئهچێ. چونکه خوا ئینسانی ئاماده کردووه بۆ چوون بهو ڕێگهیهدا، ڕێگهکهش سازگارو موافیقه لهگهڵ ئینسانا، (مستقیم)ه، ئینسان ئهگهیهنێ به مهبهست، (دواتر باسی ئهکهین که مهبهستهکه چییه؟).

﴿صِراطَ الَّذينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِم﴾ واته: ڕێگای ئهوانهی خۆش بهختت کردن، نیعمهتی خۆتت ڕژان به سهریاندا. له ئایهتی تردا بهیان کراوه که ئهوانه (پێغهمبهرانی خوا) و (ڕاستگۆکانن)، یانی ئهوانهی ههموو گیانیان (صدق) و ڕاستی بووه، بهڕاستی بهندهی خوا بوون، درۆ له کاریانا نهبووه، ههروهها (شههیدهکان) یانی ئهوانهی ههموو ژیانیان شایهتی بووه بۆ ئهوهی ههر بهرنامهی خوا ڕاسته. ههروهها (صاڵحهکان)، ئهوانهی ئهگهر چی له دهرهجهی خوارترهوه بوون، بهڵام له ڕێی ئیمانو عهمهلی صاڵحا بوون، ئهگهر جارجاریش تووشی گوناهێك بووبن گهڕاونهتهوهو پهشیمان بوونهتهوه .. ئهمانه خوای

گەورە لە دونیا و ئاخیرەتا خۆشبەختی کردوون، لە دنیادا خۆشبەختی کردوون کە ژیانێکی پێ داون دوور لە ترس و لە خەفەت، هەروەك لەمەو پێش بەیانمان کرد. لە بەینی مردن تا قیامەتیشا دیارە ئەو هەموو نیعمەتەی بۆ ئامادە کردوون، لە هەمووی زیاتر رەزامەندی و لێخۆشبونی خۆی.

﴿غَيرِ المَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلا الضّالِّين﴾ واتە: نەك رێگای ئەوانەی وا غەزەبیان لێ گیراوە. ئەوانەی وا رێیان بۆ رۆشن کرایەوە، بەڵام نەکەوتنە سەری، نەیانویست بەندەی خوابن، جا غەزەبیان لێ گیرا. غەزەبی خواش ئەوەیە کە لە دنیادا ژیان تەنگ و تاڵ بێ، ئەگەر چی ئیمکانات ببێ، ئەگەر چی نیعمەتی زۆر هەبن، بەڵام دڵ پڕ بێ لە ترس و لە خەفەت، لە مردنیشەوە عەزاب و ئاگر دەست پێ بکا، لە قیامەتیشدا جەهەننەم بەو هەموو عەزابەوە، لە هەمووی زەحمەت تر تووڕەیی و غەزەبی خوا ﴿غَيرِ المَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ﴾ رێگە راستەکە غەیری رێگای ئەوانەیە غەزەبیان لێ گیرا. ﴿وَلا الضّالِّين﴾ غەیری

ڕێگای ئەوانەش کە گومڕا بوون، سەریان لێ شێوا، دوای ئەوەی بەرنامەی خوایان بۆ هات، حەقیان بۆ ڕۆشن بووەوە، لەبەر بێ موبالاتییان، لەبەرئەوەی ژیانی دنیایان ویست، لایانداو غافڵ بوون‌و هیدایەتەکەیان لەبیر چوەوەو سەریان لێ شێوا. دیارە ئەوانەیش هەربەرەو بەدبەختی ئەڕۆن.

جا کاتێ دوعاکەیان بەو جۆرە کرد، سورەی فاتیحە یان تەواو کرد، پاشان پێکەوە ئەڵێن: (آمین) کە ئەم وشەیە لە قورئاندا نیە. ماناشی ئەوەیە: خوایە، ئەو پاڕانەوەیەمان لێ وەرگرە.

ئەمە گەورەترین دوعایە کە ئینسان ئەیکا. واجبە لەسەری لە شەو و ڕۆژێکدا لای کەم حەڤدە جار ئەگەر لە سەفەرا نەبێت، ئەگەریش لە سەفەرا بێت کەمتر لەوە (لەسەفەرا لەجیاتی چوار ڕکات دوو ڕکات ئەخوێنرێت) –واتە بە قەدەر ڕکاتی نوێژە فەرزەکان– ئەبێ ئەم دوعایە بکا.

دوای ئەوە سورەیەکی تر لە قورئان ئەخوێنێ، ئەویش بەم فکرەوە: دوای ئەوە بڕیاری دا کە بەندەی

خوابــێو داوای کــرد لــه خــوا کۆمــهکی بکا بــۆ ئــهوهی بتوانێ عیبادهت بکا، ئهبێ روو بکاته کتێبهکهی خــوا، بزانــێ لــهوێ رێگــای بهنــدهیی چــۆن بــهیان کــراوه. بــهعزێکی لێ بخوێنێتــهوه، تــا شــارهزا بــێ لــه رێگــای بهنــدهیی‌و بــهو رێگایــهدا بــڕوات. بۆیــه ســوورهیهك لــه قورئــان ئهخوێنێتــهوه، باشــتر ئهوهیــه لای کــهم هــهر موسوڵمانێ دوو سورهتی لهبهر بێ، وهك سورهتی (قُلْ هُوَ اللَّهُ)و سورهتی (والعصر) کــه لــه هــهر رهکعــهتێکا یهکێکیان بخوێنێ، ئهگهر لــه دوو رکعهتیشــا هــهر (قُــلْ هُــوَ اللّــهُ) بخوێنــێ هــهر دروســته، بــهڵام باشــتره دوو سورهت بێ.

مانای سورەتی
(الإخلاص)

لەبەر ئەوەی زۆر کەس ئەو سورەتە ئەخوێننەوە، باش ئەوەیە ئەویش ماناکەین. ئەفەرموێ:

﴿قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ﴾ واتە: بلێ: حەقیقەتێك هەیە کە (الله) یەکتایە، هەر ئەوەو، لە خاوەنێتیدا کەسی تر نیە، هەر ئەوە فەرمان ڕەوایەو هەر ئەوە فەریاد ڕەسەو، غەیری ئەو هیچ کەس ئەو دەسەڵاتەی نیە.

﴿اللهُ الصَّمَدُ﴾ واتە: (الله) پڕ کەماڵە، هیچ ناتەواوی تیا نیە، بێ نیازە، فەرمانڕەواکانی تر پوچن، فەریادڕەسەکانی تر لە حەقیقەتدا فەریادڕەس نین. خوا لە هەموو صیفەتەکانیدا کەماڵی هەیە، هیچ جۆرە ناتەواوی و کەمیی تێدا نیە.

﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ﴾ واتە: نە منداڵی لێ بووە، نە خۆی ڕۆڵەی کەسێکەو لە کەسی تر بووە. نەك وەك فەرمانڕەوا ناڕەواکان، نەك وەك ئەو نافەریادڕەسانەی

که به گومانی خەڵکی فەریادڕەسن، هەموویان هەم منداڵیان ئەبێت، هەم خۆیشیان منداڵی کەسی ترن و لەکەسی تر بوون، کەواتە نیازمەندن، چونکە لەوەو پێش نەبوون و لە دواییشدا لە بەین ئەچن و نامێنن، مەگەر ڕۆڵەکانیان ڕێگایان درێژە پێ بدەن.

﴿وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَدْ﴾ واتە: هیچ کەسێك هاوتای ئەو نەبوو، هیچ فەرمانڕەوایەك و هیچ فەریادرەسێك نیە کە هاوشانو هاوتای ئەوبێت.

هەندێ لە حیکمەتی جوڵەو زیکرەکانی ناو نوێژ



دوای ئەوەی کە نوێژخوێن سورەتێك یا چەند ئایەتێك لە قورئانی خوێندو، بەو جۆرە لە خزمەتی خوادا وەستا و، ئەو بەشە لە بەندەیی جێبەجێ کرد، بیر لەوە ئەکاتەوە کە ئەم ڕادەیە بەس نیە، خوا لەوەش گەورەترەو زیاتر لەوە ئەبێ بەندەیی بۆ

بکـرێ، بۆیـە ئـەڵێ: (الله أکـبر) خـوا لـەوە گـەورەترە، بۆیـە زیـاتر بەنـدەیی ئـەکات، ئەچـێتە (ڕکـوع)، دەس ئەنێتە سەر ئەژنۆ، سـەری بەڕێزهێنانـەوە دائەنـەوێنێ بۆ خوا. جا ئەبێ بیری بێ لە کاتێکا بـە پێوەیـە ئـەوە لە خزمەتی خوادا ڕاوەستاوە، ئێستایش ئـەبێ ئـەوەی لـە بـیر بـێ کـە بـۆ ڕێزلێنـانی ئـەو خەریکـە سـەری دائەنەوێنێ، جا لە وێشدا ئەڵێ:

(سبحان ربي العظـيم) واتـة: خاوەنەکـەم دوورە و، پاکە لەوەی هەر جۆرە ناتەواوییـەکی ببـێ. دیـارە بـۆ کەسانێك کـە خوێنـدەوارن شـتی تـریش هـەن ئـەتوانن بیـانخوێنن و، شـتی زیـاتر بڵـێن و، لـە ڕکوعـا خێـری زیاتریـان دەس ئەکـەوێ. دوای ئـەوە ئـەم کارەشـی کـردو سـەری دانەوانـد بـۆ خـوا، کـاتی ئەوەیـە تـۆزێ ئیسراحەت بکا، دوای ئەوە بـڕوا زیـاتر ئیحترامـی خـوا بگـرێ، بۆیـە هەڵئەسـێتەوەو ئـەڵێ: (سمـع الله لمـن حمده) واتە: خـوا قوبـوڵی بکـا، خـوا گـوێ ڕاگـرێ بـۆ ئەوانەی حەمدی ئەکەن، ئەوانەی قەدردانی لێ ئەکەن و ستایشـی ئەکـەن. (ربنـا ولـك الحمـد) واتـە: ئـەی

خاوەنەکەمان، حەمدو قەدردانیش تەنها بۆ تۆیە – هەروەك بەیانمان کرد– چونکە تۆ دووری لە هەر عەیبو ناتەواوییەك. جا ئەگەر ئەو کەسە خوێندەوار بێ لێرەشدا شتی تریش هەیە کە بیڵێ.

دوای ئەوە کاتی ئەوەیە بیری ئەوە بکاتەوە ئەمەش بەس نیە. خوا گەورەترە لەوەش، ئەمیش ئەتوانێ لەوە زیاتر تەعزیمی بکاو بەندەیی بۆ بکا، بۆیە ئەڵێ: (الله أكبر) خوا گەورەترە لەمە، جا خۆی ئەخاتە زەوی، دەمو چاوی ئەنێتە سەر خاك، هەروەك چۆن ئەوانەی کە بەندەی غەیری خوان، خۆیان ئەخەن بەسەر پێی خاوەن و ئاغاکانیانداو پێیان و خاکی بەر پێیان ماچ ئەکەن، نوێژ خوێنیش ئاوا حاڵەتێکی ئەوێ کە خۆی بخاتە سەر زەوی و، دەمو چاوی –کە بە قیمەتترین ئەعزای بەدەنیەتی– بنێتە سەر خاك، تا خوا بەزەیی بێتەوە پێیدا، ڕەحمی پێ بکاو ئەوەی وا ئەنجامی داوە لێی قبوڵ بکا. دوای ئەوە بیری ئەوە ئەکاتەوە ئەگەر ناتوانێ زیاتر بەندەیی بکا، خۆ ئەوە ئەتوانێ کە لە سەر ئەم بەندەییەی کە پێیگەیشتوە

پایەدار بێو بمێنێتەوەو درێژەی پێ بدا. بۆیە ئەڵێ: (الله أكبر) خوا گەورەترە لەوەی کە ئینسان هەر جارێك ئائەوە بکا و لەسەری نەڕوا.. بۆیە جارێکی تر سەر ئەنێتەوە سەر زەوی، هەروەك جاری پێشوو، ئەم جارە کە لەوەش بووەوە دووبارە ئەڵێ: خوا لەوە گەورەترە، تەنانەت لەوەش گەورەترە کە ئینسان پایەداری بێو هەرچی لە هێزو توانایدایە بیکا، هەر خواش لەوە گەورەترە، وا نەزانێ حەقی بەندەیی بۆ خوا ئەدا کردووە. بۆیە هەڵئەسێتەوە و رەکعەتێکی تریش هەر بەو جۆرە ئەنجام دەدا.. دوای ئەوە رەکعەتی دووەمی ئەنجام دا، دائەنیشێ لە حزوری خوادا، جا سوپاس ئەکا لە خوا، هەروەها لە چەند کەسێکی تر کە بوون بەهۆی ئەوەی بگاتە حزوری خواو، ئا ئەم دوعاو سکالآیە بکا، سوپاس ئەکاو پاشان دوایەمین قسەو ڕازو نیازی خۆی ئەکا و، ئەچێتەوە بۆ لای خەڵکیو نوێژەکەی تەواو ئەکا. (دیارە ئەمە بۆ نوێژی دوو رکاتییە، ئەگەر سێ ڕکاتی،

یا چواریی بوو، ئەوە هەڵدەستێتەوەو، بە هەمان جۆر بیر لە جوڵەو کارەکان ئەکاتەوە).

کورتەیەك لە مانای

(التحیات)

(التحیـات لله) واتـە: هـەموو ڕێزلێنانـەکان، هـەموو ئیحترام گرتنەکان، بۆ خوان.

(والصلوات) واتە: هـەموو نوێـژو سـکاڵاو دوعاکـان، ئەوانیش هەر بۆ خوان، ئەبێ هەر بۆ خوا بکرێن.

(والطیبـــات) واتـــە: هـــەموو کـــردەوە پـــاكو خالیصەکان بۆ خوان، هەر ئەبێ بۆ ئەو ئەنجام بدرێن.

جـا ئـەوەی کـە ئـەوترێ: (التحیـات لله) هـەموو ڕێزلێنـانو ئیحترامـەکان، هـەموو (تەعزیمـەکان) بـۆ خوان، ئەوانەن کە لـە پێشـا ئـەنجام دراون، وەك: (بـە پێوە و بە حاڵەتی بەندەیی وەسـتان)، (ڕکـوع بـردن)، (سـجود بـردن)، (وتنـی ئـەو کەلیمانـەی کـە وتـراون). هـەروەها هـەر جـۆرە قەدردانییـەکی تـر کـە ئینسـان ئـەتوانێ بیکـا، جـا ڕوونـی ئەکاتـەوە هـەموو ئەوانـە

بۆخوان، کەسی تر نییە ئینسان ئەو تەعزیمانەی بۆ بکا جگە لە خوای گەورە. بە جۆرێکی تریش ئەکرێ ئەو تەحیاتە بخوێنرێتەوە: (التحیات المبارکات، والصلوات الطیبات لله)، کە زۆر لەگەڵ ئەوی تر فەرقی نییە، هەر کامیان بێ دروستە. بەم جۆرە قەدردانی لە خوای (متعال) ئەکا، کە تەوفیقی داوە بۆ ئەوەی بگاتە ئەم پلەیە. پاشان بیر لەوە ئەکاتەوە ئەگەر پێغەمبەری خوا (محەمەدی کوڕی عبدالله) (علیە الصلاة والبرکات) نەبوایە –کە بەرنامەی هیدایەتی لە لایەن خواوە وەرگرت و هێنای– خۆ ئەم ڕێی نە ئەکەوت لەم نیعمەتە گەورەیە. بۆیە سوپاسی زۆری ئەویش ئەکاو، دوعای خێری بۆ ئەکا. جا لە دڵی خۆیدا حازری ئەکا بۆ ئەوەی بە کوڵ دوعاکەی بۆ بکا، وەك چۆن کەسێك باسی پیاوێکی ساڵح ئەکا، جا لەناکاو ئەڵێ: ئەی خوا دەرەجەت بەرز کاتەوە، ئەی خوا ڕەحمەت پێ بکا، ئەی خوا بتبەخشێت .. لێرەدا یادی پێغەمبەری خوا ئەکاتەوە، بۆیە وەك لە بەرامبەریەوە بێ پێی ئەڵێ: (السلام علیك أیها النبِي

ورحمة الله وبركاته) واته: ئەی پێغەمبەری خوا، خوا سەلامەتت کا، خوا ڕزگارت کا لە هەر دەردو ئافاتێك کە دێتە ڕێی ئینسان، لە بەرزەخا، لە بەینی مردن تا قیامەتا، هەروەها لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەی خوا بتپارێزێ لە هەر ئافاتێك، خوا بەزەیی بێتەوە پیاتا و، ئەوەی خێرە بۆتی بکا، یاخوا خوا بەرەکەت و خێرە بەردەوامەکانی خۆی بڕژێنێ بەسەرتا. دوای ئەوە بیر لەوە ئەکاتەوە کە بەندە سالْحەکانی خوایش، چ ئەوانەی لەمەو پێش بوون و ڕێیان بۆ ڕۆشن کردۆتەوە، چ ئەوانەی ئێستا هەن‌و هاوکاری لەگەڵ ئەکەن بۆ بەندەیی، ئەوانیش حەقیان بەسەریەوە هەیە، ئەبێ دوعای خێر بۆ ئەوانیش بکا لەگەڵ خۆی، بۆیە خۆی‌و ئەوانی تریش کە خەریکن نوێژ ئەکەن ئەڵێن: **(السلام علينا وعلى عباد الله الصالحين)** واتە: خوا ئێمەیش‌و بەندە سالْحەکانیش سالم بکاو بمانپارێزێ لە هەر شتێ کە ئافاتەو زەرەرو زیانە لە دونیاو لە قیامەتیشدا. کاتێ ئەڵێ: (السلام علينا) خوا ئێمە سالم و ڕزگار کا، خۆی‌و ئەوانەی ئێستا لەسەر زەویدا هەن ئەگرێتەوە،

چ ئەوانـــەی لەبـــەر چـــاون، چ مـــەخلوقی تـــری وەك مەلائیکەو غەیری ئەوانیش. کـاتیّ ئـەلّیّ: **(وعلـی عبـاد الله الصـالحین)** کەسـانی تـر کـە لەمـەو پـێش بـوون و ڕێیان ڕۆشن کردۆتەوە ئەگرێتەوە. ئەوە سوپاس کردن لەو کەسانەی حەقیان بەسەریەوە هەیە.جا دوای ئـەوە باسی ئەو نیعمەتە گەورەیەو ئەو پلەو پایە بەرزە ئەکا کە پێـی گەیشـتوە و ئـەلّیّ: **(أشـهد أن لا إلـه إلا الله)**: مانای ئەوەیە دوای ئـەوە خـۆم بـۆم ڕۆشـن بۆتـەوەو، هـیچ گومـانو دوو دلّـیم نـەماوە، ئێسـتا بـۆ خـەلّکیش ڕوون ئەکەمەوە کە بـزانن: (**لا إلـه إلا الله**) بـزانن هـیچ فـەرمانڕەواو فـەریاد ڕەسـێك نیـە بێجگـە لـە (الله). **(وأشـهد أن محمـدا رسـول الله)**: هـەروەها شـایەتی ئـەدەمو ئەویشـم لیّ ڕۆشـن بۆتـەوەو، ئیقـراری پـیّ ئەکـەم، کـە (محمـد) فرسـتادە و نێـرراوی خوایـە.جا باشـتر ئەوەیـە کـە بلّـێین: **(وأشـهد أنّ محمـدا عبـده ورسوله)** واتە: شایەتی ئەدەم کە –محەمـەد– بەنـدەو فرستادەی خوایە .. بەنـدەی خوایـە، دیـارە لەوپـەڕی پلەی بەندەییدا بووە، لە هەمووومان زیاتر بەنـدەیی بـۆ

خوا کردووە، هەروەها ڕەسول و فرستادەی خوایە، ئەو ناردویەتی بۆ ئەوەی ڕێگای بەندەیی بۆ ئێمە ڕۆشن کاتەوە. تا ئێرە سوپاسگوزاریی کردووە لەوانەی حەقیان بەسەریەوە هەیە، باسی ئەوەی کردووە کە گەیشتۆتە چ پلەیەکی بەرز.ئێستا کاتی ئەوەیە دوا قسەی خۆی بکاو، دوای ئەوە بڕاوەتەوە بۆ لای خەڵك، جا ئاوا دەست پێ دەکات: **(اللهمَّ صَلِّ على محمد وعلى آل محمد، كما صَلَّيْتَ على إبراهيمَ وعلى آلِ إبراهيم)** یا **(اللهم صلّ على محمد وعلى آل محمد كما صليت على آل إبراهيم وعلى آل إبراهيم إنك حميد مجيد)**. واتە: خوایە ڕەحمەت، هاوڕێ لەگەڵ ئیحتیرامو ڕێزلێنان برژێنە بەسەر محمددا، هەروەها بەسەر لایەنگرانو پەیڕەوانی محمددا، ئەوانەی هەر وەك ئەوان ڕێیان ڕۆشن کردۆتەوەو بەرنامەی بەندەییان گەیاندۆتە خەڵك، مەردومیان هێناوەتە سەر ڕێگای بەندەیی خوا، هەروەك ڕەحمەتو ڕێزلێنانت ڕژاند بەسەر ئیبراهیم و پەیڕەوو دۆستانی ئیبراهیم دا، بە ڕاستی تۆ (حمید)ی، شایستەی ئەوەی قەدردانیت

لێ بکرێ، هەروەها (مجید)ی، خێرو بەرەکەتت زۆر زۆرەو گەورەی.(وبارِكْ علی محمد وعلی آل محمد کما بارَكْتَ علی إبرهیمَ وعلی آل ابراهیمَ إنك حمید مجید).

واتە: بەرەکەت برژێنە بەسەر محمدو لایەنگرانی محمددا، هەروەك بەرەکەتت ڕژاند بەسەر ئیبراهیمو لایەنگرانی ئیبراهیم دا، چونکە بەڕاستی تۆ شایستەی ئەوەی قەدردانیت لێ بکرێ، تۆ خێرو بەرەکەتو گەورەیی زۆرت هەیە.. جا کە ئەمەی وت، هەم دوعای خێری کردووە بۆ پێغەمبەری خوا، هەم بۆ ئەوانەی هاوڕێی ئەو بوون تا قیامەت، ئەوانەی ڕێگایان بۆ خەڵك ڕۆشن کردۆتەوە.. دوای ئەوە ئەگەر زانی دوعای تریش بکا، ئەوە خۆ زۆر باشە، دوعا بکا بۆ خۆیو هەموو موسوڵمانانی تر، ئەگەر هەر نەیتوانی لەبەر ئەوەی کە نەخوێندەوارە، یەکێك لەو دوعایانە بکا کە لە حەدیسەکاندا بەیان کراون، ئەتوانێ کەلیمەیەك یا دوو کەلیمە لای کەمەکەی لەبەر بکاو، چەندجارێك بیانڵێتەوە، وەك ئەوەی بڵێت: (اللهمَّ اغْفِرْ لَنا وارْحَمْنا) واتە: خوایە لە گوناهەکانمان چاوپۆشی بکەو

ڕەحممان پێ بکە.دوای ئەوە کە ئاخرین قسە و ڕازو نیازی خۆی کرد، ئیتر ئەرکی خۆی تەواو بووەو، کاتی ئەوەیە بگەڕێتەوە بۆ ناو خەڵك.. بۆیە دوای ئەوە ئەبێ لا بکاتەوە بەملاو بەولادا، جا لە کاتێکدا لا دەکاتەوەو لە حزوری خوادا ئەگەڕێتەوە –وەك ئەوەی کە لە سەفەرێك ئەگەڕێتەوە– ئەبینێ خەڵکی لەملاو لەولاوە هەن، ئەگەریش کەس نەبوو خۆ مەلائیکە هەن، خۆ موسوڵمانی تر لە جیهانی تر هەن.. سەلامیان لێ ئەکاو، ئەحواڵیان ئەپرسێ و، ئەڵێ: (السلام عليكم ورحمة الله .. السلام عليكم ورحمة الله) واتە: خوا سەلامەتتان کات، خوا بتان پارێزێ لە هەرچی ئافاتو دەردو بەڵایە .. خوا ڕەحمتان پێ بکاو ئەوەی خێرە بۆتانی بکات، (لەسەفەر هاتۆتەوەو ئەبێ سەلامیان لێ بکا).. دیارە عادەتەن کەسێك کە ئەڕوا بۆ سەفەر بۆ لای گەورەیەك، کاتێ هاتەوە خەڵکی چاوەڕوانی ئەوەن شتێکیان بۆ بهێنێ، ئەمیش ئەمەی بۆ هێناونەتەوە، (دوعای خێرو سەلامەتیو ڕەحمەتی خوایی).

حیکمەتی چەندبارەبوونەوەی نوێژەکان لە شەوو ڕۆژدا



بەو جۆرە دوعاو سکاڵاو پاڕانـەوە بـە باشـترین شـێوە ئەنجام ئەداو، ئامادەیی پەیدا ئەکا بـۆ ئـەوەی دەسـت بکا بە جێبەجێکردنی ئەرکو بەنـدەیی لـە دوای نوێـژی بـەیانی تـا ئەگاتـە نیـوەڕۆ، بـەڵام لـەو بەینـەدا لەبـەر ئـەوەی ڕەنگـە غەفڵـەت هـاتبێ بەسـەریا، یـا گرفـتو دەردیسەری بۆ پەیدا بـووبێ –لەبـەر ئـەوەی هەمیشـە ئینسـان نیـازی هەیـە بـەوەی خـوا کۆمـەکی بکـا – تاڕادەیـەکیش ناتـەواوی و لاوازی ڕووی تێکـردووە، لەبـەر ئـەوە واجبـە لـە نیوەڕۆیشـا نوێـژێکی تـر بکـاو دوعـاو سـکاڵایەکی تـر بکـا – ئـەمجارە زیـاتر لـە ڕەکعەتـەکانی بـەیانی ئـەکا، چـوار ڕەکعـەت ئـەکا، لـە ڕەکعەتی دووەمدا کاتێك کە تەحیاتەکەی گەیاندە ئـەو جێگایـەی هـەموو ئـەزانن، هەڵەسـێتەوەو ئـەڵێ: (الله أكبر) خوا گەورەترە لەوەی کە ئەمـە بـەس بـێ بـۆی، هەروا بڕۆمو بەجێی بهێڵم، بۆیە دوو ڕەکعەتی تر ئەکا،

پاشــان تــەواوی ئــەكا، لا ئەكاتــەوەو ســەلام ئــەكا لەملاولای خۆی. هەروەها دوای ئـەوە ماوەیـەكی تـری پێ چوو نیازی ئەبێ بەوە نوێژێكی تر بكـا، لـە بەشـی دوایی ڕۆژدا، بـۆ ئـەوەی كـارو چالاكی ئـەو ڕۆژەی بـە دوعاو سكاڵا دوایی پــێ بێنــێ، هــەروەها لــە ســەرەتای شەویشــدا نوێــژی مــەغریب ئــەكا، پاشــان لــە كــاتی خەوتنیشا نوێـژی عیشـا... بـەو جـۆرە كـە ژیـانی بـە نوێژو دوعاو سكاڵا دەستی پێ كرد، هەرواش بـەدوعاو سكاڵاو نوێژ دوایی پێ بێنێ.

حیكمەتی نوێژی ویتر لەشەودا

جـا دوای ئـەم پێـنج نوێـژە كـە فـەرزن و، بـەبێ ئـا ئەمانە ئینسان ناتوانێ بەنـدەی خوابـێ، پـاش نوێـژی خەوتنان نوێژێكی تـریش هەیـە كـە ئـەكرێ ڕەكعـەتێك بێ، ئەكرێ سێ ڕەكعـەت بـێ، ئـەكرێ پێـنج ڕەكعـەت بێ، تا یانزە بێ بـە شـێوەی تـاك، واتـە: سـێ، پێـنج،

حەوت، نۆ، یانزە.. ئەگەر ئەو نوێژەش بکات ئەوە زۆر باشترە، پێی ئەوترێ نوێژی (وتر) واتە (تاك) چونکە ڕەکعەتەکانی تاکن، یا یەکە، یا سێیە، یا زیاترە لەوە، جا ئەکرێ پێش لە خەوتن بیکا، ئەکرێ لە نیوە شەودا خەبەری بێتەوەو بیکا، ئەکرێ لە ئاخری شەویشەوە یا لە پارشێوا بیکا، چونکە نوێژێکی گەورەیەو، باش ئەوەیە ئەگەر ئینسان نوێژە سوننەتەکانی تر نەکا، بە لایەنی کەمەوە ئەم نوێژە بکا.. بەم جۆرە ڕۆشن بووەوە کە نوێژ سکاڵاو دوعایە، گەورەترین‌و کاملترین شێوەیە بۆ سکاڵاو دوعاو پاڕانەوە لە خزمەت‌و حزوری خوای گەورەدا.

ئاکام و بەرهەمی نوێژی ڕاستەقینە:

جا ئەگەر ئینسان ئەو پێنج نوێژە فەرزەی بە ئاگایی و دەرك‌و فەهمەوە کرد، ئەوە خوای (مُتعال) قەولی پێ داوە کە هیدایەتی بداو تەوفیقی بدا کە بە ڕێگای بەندەییدا بڕوا، ئەگەر ئەو نوێژانەی ئاوا کرد، ئیتر هەمیشە دڵی لای خوایە و لە خوا غافڵ نابێ، ئەگەریش جارجار غەفڵەتێك بێت بەسەریا زۆر کەم

ئـەبێتو زوو ئەکەوێتـەوە بـیری خـواو، خـۆی نـەجات ئەداو ئەگەڕێتەوە بۆلای خوا. کاتی وایش هەیـە زیاتر لـەم نوێژانـە ئینسـان لـە هەنـدیّ کاتـا مـەجبور ئـەبیّ دوعایـەك بکـا ئـەوەش هـەر دروسـتە.. کـاتی وا هەیـە ئینسان تووشی بەلایەك ئەبیّ، تووشی خەتەرێك ئەبیّ، هەرچـەند کـاتی نوێـژیش نیـە، دیـارە ئەگـەر بـڕوا لەوکاتـەدا بـۆی بکـریّ دوو ڕەکعـەت نوێـژ بکـاو، لـەو نوێژەدا بپاڕێتەوە، ئەوە زۆر باشترە.. پێغەمبەر (علیه الصـلوات والبرکـات) هـەر کـاتیّ تووشـی گرفـتو دەردەسـەرییەك ببوایـە لـە نوێـژدا دوعـاو پاڕانـەوەی ئەکرد لە لای خوا، ئەگەریش بۆی ڕێك نەکەوتایـە نوێـژ بکا، دەستی ئەکرد بـە دوعـا کـردنو پاڕانـەوە لـە لای خوا، بەلام ئەبیّ بزانین کە نوێژ گەورەترین دوعایە کـە سوودی زۆری لیّ ئەکەین.

ئاگادارییەک لە بنەماڵەی مامۆستای شەهید ناصری سوبحانییەوە

ئاگاداری سەرجەم دۆستان و خوێنەرانی بەرهەمەکانی مامۆستای شەهید دەکەین کە مۆڵەتی رەسمی بڵاوکردنەوەی ئاسەواری مامۆستا تەنیا بە دەزگای «بەرهەم» دراوە و بۆ هیچ کەس و دەزگایەکی‌تر نییە بە بێ هەماهەنگی و ئیجازەی ئەو دەزگایە هیچ ئاسەوارێکی مامۆستای شەهید بڵاو بکاتەوە، هەر بەم هۆیە، لەگەڵ سوپاسمان بۆ خەمخۆری هەندێ لە دۆستان کە لە رووی خۆشەویستی و خزمەتەوە گرنگی بە بەرهەمەکانی شەهید دەدەن، داواکارین سەرجەم چالاکیەکانی ئەو بوارە لە رێی دەزگای بەرهەمەوە بێت، یا بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەودا و لە رێی ئیزنی خەتی ئەو دەزگایە.

بنەماڵەی مامۆستای شەهید

٢٠١١/٧/١٧

کۆپی دەقی ئاگادارییەکە، کە لەلایەن بنەماڵەوە نێردراوە بۆ دەزگای بەرهەم



نوێژ

حەقیقەت و حیکمەتەکانی

مامۆستا ناصری سوبحانی

بەرهەمەکانی مامۆستا ناصری سوبحانی کە دەزگای بەرهەم بڵاوی کردوونەتەوە:

بەزمانی کوردی

١. بەندایەتی
٢. نوێژ (حەقیقەت و حیکمەتەکانی)
٣. پرسە و سەرەخۆشی
٤. خەلقی ئادەم
٥. پێغەمبەری نەخوێندەوار

بەزمانی عەرەبی

١. الإمامة والولاية
٢. زبدة كتاب الاعتصام
٣. رسالة في علوم الحديث
٤. تلخيص التهذيب
٥. الإبتداع في الدين
٦. أحكام شرعية و جملة فتاوى
٧. أسس التصورات والقيم

دەزگای بەرهەم

بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی سوبحانی

dazgabarham@hotmail.com



ISBN 0-0123-0000-4

نرخی (١٠٠٠) دینارە